مەندەڵاوی ئیدانەی هێرشەکانی ئەمریکا دەکات بۆ سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی دەکات



ئەمڕۆ سێ شەممە، موحسین مەندەڵاوی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بەوەکالەت ئیدانەی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی رایگەیاند" بەتوندی ئیدانەی هێرشەکانی ئەمریکا دەکەین کەبەیانی ئەمڕۆ لەدژی دەزگاکانی دەوڵەت ، بارەگاکانی حەشدی شەعبی لەچەند پارێزگایەك ئەنجامیداوە و بەبەزاندنکی مەترسی بۆ سەر سەروەری و ئاسایشی وڵات دەزانین.

هەروەها وتی" دووبارەبۆن پێ کردنی سەروەری عێراق و یاریکردن بەئاسایش و سەقامگیریەکەی لەژێر هەر دروشمکی بێت رەت دەکەینەوە، و ئەوەی هێزە ئەمریکیەکان ئەنجامی داوە بەکارکی دوژمنکاری لەدژی بارەگاکانی حەشدی شەعبی دەزانین کەلەئەنجامدا کارمەندك شەهید بووە و 18ی دیکەش بریندرابووە کەلەنێویاندا هاوڵاتی مەدەنی هەیە، ئەمەش لەژێر ناوی " وەڵامدانەوە" بێت کارکی دژمنکارانەیە دەبێتە هێی زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی هاوبەشی نێوان هەردوو وڵات.

هەروەها تەکەزیکرد کە پێویستە دوور بکەنەوە لەکرداری لەم جۆرە کەهەرەشە لەسەقامگیری لەسەرانسەری وڵات بکات، و تەنها حکومەت مافی سەپاندنی یاسا و سزادانی سەرپێچیکارانی هەیە و نابێت هیچ لایەنێك ڕۆڵەکەی پاش گوێ بخات و هەیبەتەکەشی ببەزێنێت.